# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە وەلامێکی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی

| |
|---|
| **هل هناك معتقلون سياسيون في إقليم كوردستان؟**<br><br>اللواء سيف الدين: كلا، من غير الارهابيين، ليس هناك أي معتقل سياسي لدينا، لأنه ليس هناك أي حزب معارض في كورستان. كل الاحزاب الموجودة في الاقليم لديهم موافقة رسمية على العمل. و بموجب القانون ليس بإمكان أي جهة أن تعتقل عضو أي حزب مجاز أو معارض، إلا إذا ماقاموا بعمل مخالف للقانون. |

**ئەم پرسیارەی سەرەوە لەلایەن "نزار جافە"وە لە مالپەری "ئیلاف"ەوە لە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەریم " لیوا سەیف الدین علی احمد" کراوە، لە رۆژی 2007/10/17دا بلاوبۆتەوە، کە ژۆرنالستەکە دەپرسیت ئایا زیندانی سیاسی هەیە لەکوردستان؟ لە وەلامدا لیوا سەیف الدین دەلی" نیە، جگە لە تیرۆریستەکان چونکە هیچ حزبیکی معارز لە کوردستان نیە. ئەحزابەکان کە لە هەریمن هەموویان مۆلەتی رەسمیان هەیە بۆ کارکردن. ...".**

**ئەم وەلامەی بەریوبەری گشتی لە چەند سەرەوە ئەشکالی هەیە. یەکەمیان پیێی وایە ئەو حزبەی کە مۆلەتی هەبێت نابیت لە ئۆپۆزیسیۆندا بیت!! کە ئەم وەلامە دروست سیاسەت‌و عەملکردێکە کە یەکیتی نیشتمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان بە شیوەیەکی ورد پیادەی دەکەن‌و ریگا نادەن بەهیچ هێزیك کە معارەزەیان بکات‌و مخالف بیت بە سیاسەت‌و عەمەلکردەکانیان، بەم پێیە مۆلەتی پینادەن، هەر وەك لەگەل ئیمە چەند جار پیادەیان کردوە. هەر بۆیە لای بەریوەبەری ئاسایش حزبی معارز وجودی نیە، لیرەدا بە شیوەیەکی رۆشن دەردەکەویت کە ئەحزابەکانی نیو پەرلەمان چکارەن!!. بەلام حزبی ئیمە کە بەریوەبەری ئاسایشی گشتی باش ئاگادارە کە معارەزەو بە زەبری چەك مقەرو ئیزگەکەی پیداخرا؟! بۆ ئەمەیان بەریوبەر دەلێت چی؟!**

**بەلام بەشی دووەمی وەلامەکەی کە دژایەتی هەیە لەگەل بەشی یەکەمیدا :دەلی" بەپێی یاسا هیچ لایەنێك بۆی نیە کە ئەندامی هیچ حزبیکی مۆلەت پێدراو یان معارز زیندانی بکات، مەگەر هەستابن بەکاریك کە دژ بەیاسا بیت".**

**دیسان دەپرسین حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق؟ لە 2000 /7/14دا لە سەرچی بە هیزی چەك روبەڕووی بونەوە؟! کارە دژە یاساییەکانی کامەبوون؟! خواستی جیابونەوەی کوردستان، یان خواستی یەکسانی ژن‌و پیاو، یان خواستی جیایی دین لەدەولەت، یان ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرت...بەلام بەریوەبەری گشتی بە رۆشنی دەزانیت کە لەماوەی 7 سالی رابوردودا کەم مانگ رێك دەکەویت چەندین ئەندامی ئیمە لە زیندانەکانی ئاسایشدا بەهۆی کاری سیاسیەوە زیندانی نەکرابن. دەزانیت کە لەسالی پاردا چەندین کەس لە شارەکانی کەلارو چەمچەمال‌و هەلەبجەو سلیمانی‌و قەلعەدزە هەر لەسەر هەلسورانی سیاسی دەیەها ئینسانی نارازی‌و خۆپیشاندەر زیندانی کراوە، دەزانیت کە چەندین ژۆرنالیست دەنگی خنکێنراوە؟...شایانی باسە بوتریت کاتی پەلامارەکەی یەکێتی بۆ سەر مقەرو ئیزگەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی لیوا سەیف الدین جیگری بەریوەبەری گشتی ئاسایشی ناوچەی ژێر دەسەلاتی یەکێتی بوو.**

**محمد شیخ عبدالرحمن "سامان کەریم"**

**سەرۆکی مەکتەبی سیاسی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2007/10/17